(٣١٥) داكۆكيكار لەمافی كەس و كاری شەهیدانی كیمیا باران وئەنفالكراوان

حەوتەم/ دابینكردنی خزمەتگوزاری بنەڕەتی ژێرخان و كۆمەڵایەتی پێویست بۆ هاووڵاتیان (ئاوو ئاوەڕۆ، تەندروستی، كارەبا، گواستنەوەو گەیاندن):

-ئاوێكی شیاو بۆ خواردنەوەو، ئاوەڕۆیەكی تەندروست:

١ -دامەزراندنی مەڵبەندی راهێنانی ئاست بەرز، بۆ راهێنانی كارمەندە پیشەییەكانی پرۆژەكانی ئاوی خواردنەوەو ئاوەڕۆی تەندروست بەزووترین كات و باشترین جۆر لە شارو گوندەكاندا.

٢ -ئامادەكردنی پلانی تایبەت بە پرۆژەكانی پاڵاوتنی ئاو و جێبەجێكردنی، بۆ راكێشانی تۆڕی ئاوی خاوێن و پاڵێوراو بۆ سەرجەم ناوچەكانی عێراق.

٣ -دابینكردنی سەرچاوەكانی ئاوی خاوێن بۆ خستەكاری وێستگەكانی دەرهێنانی ئاو لە سەرتاسەری عێراقدا.

٤ -دابینكردنی پێداویستییەكانی پاڵاوتن و خاوێنكردنەوەی پێویست، بەئامانجی دابینكردنی ئاوێكی سازگارو شیاو بۆ خواردنەوەی هاووڵاتیان.

٥ -كۆمەككردنی پرۆژەكانی ئاو لەڕێگای كۆمەكی ناوندییەوە، ئەمەش لەسەر هاوسەنگی وەبەرهێنان بێت یان گەشەكردنی پارێزگاكان، یان ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان، بۆ دابینكردنی پێداویستیەكانی ئێستاو داهاتوویەكی نزیك.

٦ -بەرەوپێشبردنی كارەكانی چاككردنەوەو پەرەپێدانی كۆنترۆڵی جۆری لەسەر ئاوەڕۆی تەندروستی و ئاوەرێژگەی روبارو دەریاچەكان، بۆ پارێزگاری ژینگەیەكی دروست و لەناوبردنی گرفتە تەندروستیەكان كە لەسەر ژیانی هاووڵاتیان كەڵەكەبووە.

٧ -پەیەڕەوكردنی ڕێگاكانی هاوكار بەبەرزكردنەوەی ئاشتی هۆشیاری تەندروستی و ڕۆشنبیری هاووڵاتیان، لەپێناو پارێزگاری ژینگەی دروست و دورگەوتنەوە لە بەفیڕۆدانی سامانی ئاوی.

-كارەبا:

١ -دانانی شێوازەكانی كۆنترۆڵی ئەلكترۆنی لەسەر بەكارهێنانی تەزوی كارەبا لەپێناو بە فێڕنەدانی بڕی بەرهەمهێنراو.

٢ -دوبارە چاككردنەوەی وێستگەكانی بەرهەمهێنانی كارەبای پێویست، بۆ دابینكردنی ڕێژەی پێویستی وزەی كارەبا بۆ هاووڵاتیان.

٣ -هاندانی كەرتی تایبەت بۆ كاركردن لەم بوارەدا، هەروەها بنیاتنانی سەرچاوەی وێستگەی نوێی بەرهەمهێنانی كارەبا.

٤ -نۆژەنكردنەوەی تۆڕەكانی گواستنەوەو دابەشكردنی كارەبا، لە پێناو ڕێگرتن لە بڕانی تەزووی كارەبا.

٥ -بەرزكردنەوەی توانای كرێكارانی بواری كارەبا لەڕووی هونەری و تەكنیكییەوەو سود وەرگرتن لە ئەزمونی دەرەكی لەبەڕێوەبردنی سیستەمكانی كارەبادا.

-گواستنەوەو گەیاندن:

١ -چاككردنەوەی تۆڕەكانی گواستنەوەو گەیاندنی ئێستا و، بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزارییەكانی ئەنتەرنێت تیایدا، بە شێوەیەكی چڕوپڕ و گونجاو لەنێوان سیستەمەكانی گواستنەوەو گونجاو لەگەڵ بەرەوپێشبردن و گەشەسەندنی تەواوی كەرتە ئابوورییەكانی تر، بەو شێوەیەی گرنگی شوێنی جوگرافی عێراق دەیخوازێت لەبوارەكانی گواستنەوەو بازرگانی و وەبەرهێنان وگەیاندندا.

٢ -دابینكردنی فرۆكەی نوێ و دامەزراندنی هێڵی ئاسمانی نوێ لەگەڵ دەوڵەتانی جیهانداو، نوێكردنەوەی تەكنیكە هونەرییەكان و تەكنۆلۆژیا بۆ كەشتیوانی و خاڵە گومرگییەكانی سنورەكان.

٣ -دووبارە دامەزراندنەوەی چالاكییەكانی پۆستە، بۆ پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بەشێوەیەكی خێراو باوەڕپێكراو.

٤ -پارێزگاری لە ئاسایشی خۆراك لە وڵاتدا، لەڕێیی دابینكردنی كۆگایەكی ستراتیژی دانەوێڵە وەك گەنم وبرنج.

هەشتەم: دابینكردنی خزمەتگوزاری تەندروستی پێویست بۆ هاووڵاتیان:

١ -سوودوەرگرتن لەئەزمونی پسپۆڕەكان لە دامودەزگا جیهانیەكان لەبەڕێوەبردن و چاككردنی كەرتی تەندروستی، لەپێناو گرنگی هەڵسەنگاندن و بەهێزكردنی ئیدارەی نەخۆشخانەكان.

٢ -كار لەسەر زیادكردنی توانای وەرگرتن لە نەخۆشخانەكانداو بەرەوپێشبردنی توانای دەرامەتەكانی، هەروەها دابینكردنی ئامێری پزیشكی و بەكارهێنانی ئامێری پێشكەوتوو لەبواری دەستنیشانكردن و چارەسەری پزیشكیدا.

٣ -فراوانكردنی بازنەی خزمەتگوزارییە تەندروستییە پێویستەكان، بەتایبەت لە لادێكاندا، ئەمەش لەڕێگای جێبەجێكردنی پرۆژەی تەندروستی جێگرەوە لەم كاتەی ئێستادا، وەك كاروانی تەندروستی و مەڵبەندی تەندروستی گەڕۆك و تیمی ڕوپێوی ژینگەو، لیژنەكانی هەڵسەنگاندنی باری تەندروستی كۆمەڵگە ناوچەییەكان.

٤ -زیادكردنی دەزگاكانی راهێنان و مەشقپێكردن، بۆ پڕكردنەوەی پێداویستی كەرتی تەندروستی لەكارمەندە جیاوازەكان.

٥ -بەكارهێنانی سەرجەم دەزگا راگەیاندنەكان بۆ قوڵكردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری تەندروستی لای هاووڵاتیان.

٦ -گشتاندنی بیرۆكەی مسۆگەركردنی تەندروستی هاووڵاتیان (التأمین الصحی)، لەڕێگای كۆمپانیا تایبەتمەندەكان وەك بەشێك لەپرۆژەیەكی تەندروستی درێژخایەن، كە گەیشتنی هاووڵاتیان بەچارەدێرییەكی تەندروستی گونجاو دەگرێتەوە.

٧ -كاراكردنی هۆكارە یاسایی و چاودێرییەكانی خەڵكی و سەندیكایی، بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی هەڵمەتی دزی و تەزویركردنی دەرمان.

٨ -بەرەوپێشبردنی پیشەسازییە دەرمانیە نیشتمانییەكان و پاراستنیان و دابینكردنی پێداویستییەكانی داهێنانی تەكنیكی و زانستی، لەپێناو دابینكردنی باشترین جۆری دەرمان و بەهەرزانترین نرخ بۆ هاووڵاتیان.

٩ -پەرەپێدانی بنەمای زانیاری گشتی تەندروستی، تاگشت لایەنەكانی سیستەمی تەندوستی مرۆیی و تەكنیكی و یاسایی بگرێتەوە، لەگەڵ سود وەرگرتن لێی بۆ دانانی پلان و بڕیاری تەندروستی گونجاو.

١٠ -دانانی سیستەمێكی زانستی كۆمەكدار بۆ نوێكردنەوەی توانای كارگەرانی بواری تەندروستی بە سەرجەم ئاست و پسپۆرییەكانەوە، لەپێناو ئاگاداربوون لە گۆڕانكارییە نوێیەكانی سەرئاستی جیهان و گواستنەوەیان بۆ ناوخۆی عێراق

نۆیەم/ بنەبڕكردنی هەژاری:

١ -دابینكردنی موچەی پێویست بۆ هەژارو نەداران، بەمەرجێك ساڵانە هەڵسەنگاندنیان بۆ بكرێت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە بەگوێرەی ئاستی گوزەرانی هاووڵاتیان.

٢ -دابینكردنی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو بۆیان.

٣ -كاراكردنی تۆڕی پاراستنی كۆمەڵایەتی چالاك.

٤ -كردنەوەی خول بۆ پێگەیاندنی پیاوان و ئافرەتانی چینی هەژار، بەئامانجی بەرزكردنەوەی توانا و لێهاتنەكان و باشكردنی ئاستی گوزەرانیان.

دەیەم/ دابینكردنی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو بۆ هاووڵاتیان:

١ -دەركردنی یاسایەك حكومەت ناچار بكات بە ئامادەكردنی (٥٪)ی زەوی دەوڵەت لەماوەی چوار ساڵدا، بۆ ئەمەش لەسەرشانیەتی كە نرخی زەویە بازرگانی و پیشەسازی و خزمەتگوزارییەكان كەم بكاتەوەو هاوكاری دابینكردنی زیاتری دەرفەتی كار بكات بۆ لاوان.

٢ -دابینكردنی شوێنی حەوانەوەی گونجاو بۆ قەیرەكان و ئەو ئافرەتە تەلاقدراوانەی شوێنی حەوانەوەیان نیە.

٣ -پاراستنی مافی كرێچی خانوو و خاوەن موڵك لەڕێگای پەیڕەوكردنی سیستەمی گرێبەستی ڕاستەوخۆی نێوان هەردوولا.

٤ -هاندانی كەرتی تایبەت بۆ وەبەرهێنانی بواری خانووبەرە.

٥ -دابینكردنی هاوكاری و پێشینەی خانووبەرەی گونجاو و ئاسان بۆ هاووڵاتیان بەگشتی، بەبێ زیادەی دارایی بۆ زیادكردن لەنرخی زەوی و تێچوونی بیناكردن.

٦ -گرنگیدان بە پلانی ئاوەدانكردنەوە لەشارەكاندا بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەكان بەو شێوەیەی پارێزگاری كلتوری ئاینی و نەتەوەیی و ناوچەیی بكات.

٧ -چارەسەركردنی ناوچە عەشوائیەكان بەو شێوەیەی بەرژەوەندی هاووڵاتی ڕەچاو بكات.

٨ -زیادكردنی ڕوبەری سەوزایی بۆ پارێزگاری ژینگە.

یانزەهەم/ دابینكردنی دەرفەتی كارو زاڵبوون بەسەر بێكاریدا:

١ -دابینكردنی دەرفەتی كار بۆ كەمكردنەوەی ڕێژەی بێكاری، لەڕێگای كاراكردنی ڕۆڵی كەرتی تایبەت و وەبەرهێنانی حكومی بۆ پرۆژەی ئەوكەرتانەی پێوستیان بەدەستی كار هەیە، وەك كشتوكاڵ و پیشەسازی و بازرگانی.

٢ -بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی و ڕاهێنان و مەشقپێكردن بۆ توانای دەرامەتە مرۆییەكان بەسەر هەردوو لایەنی پیشەیی و تەكنیكییەوە، بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی بەرهەم و بەرهەمهێنان.

٣ -دابینكردنی هاوكاری كە دەرفەت بۆ بێكاران دەرەخسێنێت تا ڕوبەڕووی باری ژیان و گوزەرانیان ببنەوە، بەدابینكردنی گرنتی كۆمەڵایەتی گونجاو و یاسای كاری نوێ بۆیان.

٤ -بەرەوپێشبردنی سیستەمی بانقی، بەشێوەیەك لەو ڕێگایەوە بتوانرێت پشتگیری پرۆژە ئابوورییە بچوك و مامناوەندییەكان بكرێت، لەگەڵ دابینكردنی قەرزی ئاسان بۆیان.

دوانزەهەم/ پەرەپێدانی وەبەرهێنانی حكومی (گشتی) كە ڕەنگدانەوەی فرەجۆری دەرامەتە ئابوریەكان بەرەوگەشەسەندنێكی بەردەوام:

١ -پابەندبوون بەكاتی دیاریكراوەوە بۆ ئامارو بەجێگەیاندنی بودجەی گشتی دەوڵەت، بۆ نەهێشتنی ئەوگرفتانەی لە دواكەوتنیدا لەسەر هەردوو ئاستی یاسادانان و جێبەجێكردندا دروست دەبن.

٢ -ناچاركردنی ئەو لایەنانەی پرۆژە پێشكەش دەكەن بەپێشكەشكردنی خوێندنەوەیەكی لایەنی هونەری و ئابوری پرۆژە تازە پێشنیاركراوەكان.

٣ -ئاسانكردنی گرتنەبەری ڕێ و شوێنی پێویست لەپرۆسەی تاپۆكردنی ئەو زەویانەی بۆجێبەجێكردنی پرۆژەكان دیاریكراون، بۆ پەلەكردن لەپرۆسەی وەبەرهێنان بەرەو دەستەبەربوونی پێداویستیەكانی هاووڵاتیان لەچوارساڵی داهاتوودا.

٤ -گرنگی دان بەكۆنترۆڵی جۆری لەسەر ئاستێكی هونەری بەرز بۆ بەجێگەیاندنی پرۆژەكان.

٥ -پێویستە هەماهەنگی تەواو هەبێت لەنێوان پارێزگاكان و وەزارەتەكاندا، لە قۆناغی پلاندانان بۆ پێشنیاری پرۆژەی واقیعی و جێبەجێكردنی بەشێوەیەك باشكردنی باری گوزەران و ژیان و خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان مسۆگەر بكات.

٦ -بەرزكردنەوەی پلەی هەماهەنگی نێوان لایەنە بەرپرسەكانی نەخشەی سیاسەتی ئابوری لە وڵاتدا، ئەوانیش وەزارەتەكانی پلاندانان و دارایی و بانكی ناوەندی عێراقین، بۆ چەسپاندنی دیدگای دوارۆژی وڵات.

سیانزەهەم/ باشكردنی بەرهەمهێنانی نەوت و غازو هەمەجۆری دەرامەتە ئابوریەكان بەرەوگەشەسەندنێكی بەردەوام:

١ -دۆزینەوەی زیاتری یەدەكی نەوت و غاز لەعێراقدا، لەشوێنێكی پێشكەوتوو لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی جیهانیدا.

٢ -زیادكردنی توانای بەرهەمهێنان لەبواری نەوت و غازو بەرهەمە نەوتییەكان بەشێوای جیهانی، كە ڕۆژانە لەچوار ملیۆن بەرمیل كەمتر نەبێت.

٣ -بەرەوپێشبردنی كێڵگە نەوتیی و غازییەكانی ئێستاو لێكۆڵینەوەی زیاتر بۆ دۆزینەوەی كێڵگەی نوێ.

٤ -زیادكردنی توانای پاڵاوگە نەوتییەكان بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییە ناوچەییەكان و ناردنە دەرەوەی زیادەكەی.

٥ -بەرهەمهێنانی ڕێژەی غازی پێشنیاركراوی هاوشانی بەرهەمی نەوتی.

٦ -دامەزراندنی تۆڕی بۆری غاز بۆ شارەكان، بۆ بەكارهێنانی لەكاروباری ناومااڵدا.

چواردەهەم: گەشەپێدانی كەرتی كشتوكاڵ:

١ -كاركردن لەسەر مسۆگەری پشت بەخۆبەستن لەعێراقدا، لەدانەوێڵەو بەروبومە كشتوكاڵیە ڕووەكی و ئاژەڵییەكان.

٢ -بەرزكردنەوەی چەندێتی و چۆنێتی ئاستی بەرهەمی كشتوكاڵ، لەڕێگای بەرهەمهێنانی باشتری دەرامەتە سروشتی و دارایی و مرۆییەكان.

٣ -كۆمەككردنی كەرتی تایبەت بۆ وەبەرهێنان لەبواری كشتوكاڵدا، لەبەر زیادكردنی بەشداری ئەم كەرتە لە بەروبومی نیشتمانی هەمووەكی لە عێراقدا، هەروەها وەك سەرچاوەیەك لەسەرچاوەكانی هەمەجۆری ئابوری عێراقی.

٤ -دووبارە ئاوەدانكردنەوەی لادێكان لەگەڵ دابینكردنی پێداویستییەكانی گوزەرانیان لەپێناو زیادكردنی بەروبوومی كشتوكاڵیدا.

٥ -پاراستن و دەستگرتن بە ئاوەوە، لە ڕێگای دروستكردنی بەنداوی پێویست بۆ لەناوبردنی دیاردەی بیابان بوون.

٦ -دیاریكردنی بڕێكی تایبەت لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ چاكسازی زەوییەكان و، دابەشكردنی بەشێوەیەكی دادپەروەرانە بەسەر جوتیارەكاندا.

٧ -تەواوكردنی ئاوەرێژگە سەرەكییەكانی روبارەكان و جۆگە ئاوەكان و، دابینكردنی بڕی پێویست تایبەت بە چاككردنەوەی بەردەوامی تۆڕەكانی ئاودێری كە ئێستا هەن.

٨ -وەبەرهێنانی بەردەوامی ئاوی ژێرزەوی لەبوارەكانی خواردنەوەو ئاودێری.

٩ -ڕێكەوتن لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی خاوەن سەرچاوەی ئاوی روبارەكان، بۆ مسۆگەركردنی دابینكردنی بەشە ئاوی یەكسان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەكان.

١٠ -دامەزراندنی بانكی زانیارییەكان لەبواری بەڕێوەبردنی ئاو و ئاودێری و، بەرەوپێشبردنی ئامێرەكانی پێوانی ئاستی بەفێڕۆچوون و گلدانەوەی ئاو.

١١ - بەردەوامبوون لە چاككردنەوەی بەست و بەنداوەكان و چارەسەری گرفتەكانیان لە پێناو باشترین بەكارهێنانی دەرامەتی ئاودا.

١٢ -بنیاتنانی پرۆژەیەكی نیشتمانی مامەڵە لەگەڵ لیكۆڵینەوەی گۆڕانكارییەكانی كەشوهەوای جیهان بكات، هەروەها كاریگەری لەسەر دەستهاتی ئاوی عێراق و شێوازی ژیانی داهاتوو، لەگەڵ پێشبینی كەم ئاویدا.

١٣ -دیاریكردنی زەویە كشتوكاڵیەكان بەدوو جۆری سەرەكی، ئەوانیش مولكیەتی تایبەتی تاك و كۆمەڵ لەگەڵ زەویەكانی مۆڵكیەتی دەوڵەت.

١٤ -چارەسەری گرفتەكانی مولكییەتی هاوبەش لە زەویە كشتوكاڵیەكاندا، بۆ دانانی سنورێك بۆ دیاردەی لەناوچونی زەوی كشتوكاڵی و باخەكان.

١٥ -هەموارەكردنی یاسای چاكسازی كشتوكاڵی ژمارە(١١٧) ی ساڵی ١٩٧٠ (بەندی ٤) بڕگەكانی (٣و٤)، كە ڕێگا بەجوتیاری سودمەند بدات مامەڵە لەگەڵ ئەو زەویەدا بكات كە بەسەریدا دابەش كراوە، لەو نێوەندەشدا مافی پاشەكشە بۆ كەسی تر كە توانای زیاترەو پەیوەستە بەكەرتی كشتوكاڵەوە.

١٦ - چاوخشاندنەوە بە بەناوكردنی زەویەكان بۆ خاوەن كارەكان لەبەرهەمهێنەرە كاراكان.

١٧ -چاوخشاندنەوە بەیاسای میراتدا، بەمەرجێك لە دوارۆژدا نەبێتە هۆی پارچەپارچەبوونی مولكەكان.

پانزەهەم/ گەشەپێدانی پیشەسازی بەرەو ڕوی كۆمەلگەیەكی بەرهەمهێن بەسەرەتای پشتگیری و هاندانی پرۆژە بچوك و مامناوەندیەكان:

١ -بەرزكردنەوەی ئاستی لێهاتوویی كارگەرانی دەزگاكانی پیشەسازی ستراتیژی، لەپێناو بەرزكردنەوەی ئاستی بەرهەمی ناوچەیی و دابەزاندنی تێكڕایی هەلاوسان لە بازاڕەكاندا.

٢ -نوێكردنەوەی تەكنیكی تەكنۆلۆژیاو پرۆژەكانی پیشەسازی ستراتیژی، بۆ مسۆگەركردنی وەبەرهێنانی باشتری دەرامەتە سروشتیەكان.

٣ -دووركەوتنەوەی دەوڵەت لەپرۆژە بچوك و مامناوەندیەكان و پشتگیریكردنی لە بودجەی دەوڵەت و، هاندانی پیشەسازیە گەورەكان لەبوارەكانی بنیاتنان و ئاودانكردنەوەو پیشەسازییە پترۆكیمیاییەكان و كشتوكاڵ و كۆمەكی كەرتی تایبەت بۆ ڕووكردنە ئەو بوارە، لەگەڵ دابینكردنی دەرفەتی كاری زیاتر.

٤ -هەموارەكردنی ئەو یاسایانەی كە بەرزكردنەوەی بەرهەمی كارگە ستراتیژیەكانی وڵات لەروی چەندێتی و چۆنێتییەوە سنوردار دەكەن.

٥ -پڕكردنەوەی خواستی بازاڕەكان بە بەڕووبووم و پیشەسازییە گۆڕانكارییە ناوچەییەكان.

٦ -پاراستنی ژینگە لەپاشەڕۆی كارگە و پیشەسازیەكان و دانانی سیاسەتێك پشتیوانی كارگەكانی دۆستی ژینگە بكات.

شانزەهەم/ سیستەمێكی پەروەردەیی پاشان فێركاری، بۆ بەدەستهێنانی پسپۆڕی و لێهاتنە پێویستەكانی پرۆژەی گەشەپێدان:

١ -دووبارە بنیاتنان و ڕاهێنانی تاكی عێراقی و نەوەكانی داهاتوو بە چەمك و بەهاكانی ئیسلامی و مرۆییەكان، وەك دڵسۆزی و ئەمەكداری و متمانە بەخۆبوون و نەرمونیانی و قوربانیدان و... هتد و، دانانی لە پرۆگرامی زانستی و پەروەردەیی پێشكەوتوودا و، ڕاهێنانی مامۆستایانی بەتوانا بۆ بەجێگەیاندنی.

٢ -بڕیارو جێبەجێكردنی سیاسەتی خوێندنی خۆڕایی بۆ قۆناغەكانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی.

٣ -هاندانی بەرنامەیەكی بەرهەمهێنان، ڕێگا بە بەشداری لایەنی تر دەدات لە كەرتی تایبەت و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، بەبەشداریكردن لە دووبارە بنیاتنانەوەی كەرتی پەروەردەو فێركردن لەعێراقدا.

٤ -پێشخستنی بەڕێوەبردنێكی سەركەوتووانەو دابینكردنی پێداویستییە بنەڕەتیەكانی خوێندن لە دامودەزگاكانی خوێندندا بەسەرجەم ئاستەكانەوە لە شارو لادێكاندا.

٥ -پێشخستنی سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیارییەكانی پەروەردەو فێركردن.

٦ -سوود وەرگرتنی باش لە تەكنۆلۆژیای نوێ لە قۆناغە جیاوازەكانی خوێندندا.

٧ -هاندانی ئەوانەی وازیان لەخوێندن هێناوە لەبەر خراپی باری گوزەرانیان و، گەڕاندنەوەیان بۆ دەزگاكانی خوێندن وەك قوتابخانەكانی تازە پێگەیشتوان و قوتابخانەكانی ئێواران و، خوێندنی خێرا و پرۆگرامەكانی نەهێشتنی نەخوێندنەواری.

حەڤدەهەم/ بەرو ووزەیەكی كاراو ژینگەیەكی خاوێن... ژینگەش ئەمانەتە:

١ -دەركردنی یاسایەك وەزارەتی ژینگە ناچار بكات بە دەركردنی ڕاپۆرتی ساڵانە بۆ هەڵسەنگاندنی باری ژینگە لە عێراقداو دروستكردنی بنەڕەتی زانیارییەكانی ژینگەیەكی گشتگیر كە لەلایەن تەواوی لایەنە پەیوەندیدارەكان لە پارێزگاكاندا كۆمەك بكرێت و، ڕۆژانە زانیاری نوێی پێ بدرێت، بۆ ڕێگرتن لە حاڵەتی خێرای پیسبوونی ژینگە.

٢ -پارێزگاری هەوای دەوروبەر لەڕێگای چاودێری و هەڵسەنگاندن و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەكانی هۆكاری پیسبوون بە دابینكردنی هۆكارەكانی كۆنترۆڵكردنی دەرهاویشتە غازییەكان.

٣ -فراوانكردنی بەكارهێنانی وزەی نوێ و دۆستی ژینگە.

٤ -جێبەجێكردنی چەمكی (بەرهەمی خاوێن) و(بەڕێوەبردنی ژینگە)لە دامودەزگا ئابوری و ڕۆشنبیری و خزمەتگوزارییەكاندا.

٥ -پەیوەندیكردن بە پەیمانگا نێودەوڵەتییەكانەوەو بڵاوكردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی.

٦ -چاودێریكردنی پاشماوەی تیشكدانەوەو پیسبوونی تیشكی (التلوث الأشعاعي) لە سەرتاسەری عێراقدا.

٧ -ئەنجامدانی ڕوپێویكی گشتی و دانانی پلانێك ئامانجی بنەبڕكردنی مین بێت لە سەرتاسەری عێراقدا.

هەژدەهەم/ چەسپاندنی ئاسایشی كۆمەڵایەتی بۆ گشت توێژەكانی كۆمەڵگە (ئافرەتان، لاوان، منداڵان):

ئافرەت:

١ -كاركردن لەسەر پێگەیاندنی ئافرەت و نوێنەرایەتیكردنی لە دەزگاكانی یاسادانان و دادوەری و جێبەجێكردندا بە لێهاتوویی و دادپەروەری.

٢ -دژایەتیكردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان و بەهێزكردنی ئەو دامودەزگایانەی لەو بوارەدا كاردەكەن.

٣ -ڕاهێنانی ڕەگەزی ژنان و بەرزكردنەوەی تواناكانیان وەك هۆكارێكی بنەڕەتی گەشەپێدانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوری و فكری.

٤ -دانانی شوێنی حەوانەوە بۆ ئافرەتانی پەراوێزخراو و دەركراو و، لاوازی پەیوەست بە مافی مرۆڤی ئافرەتان.

٥ -دیاریكردنی بەشێكی تایبەت لە بوجەی گشتی دەوڵەت بۆ چارەنوسی ژنانی ماڵەوە.

لاوان و وەرزش:

١ -هەمەجۆری سەرچاوەكانی پەرەپێدانی ئابوری عێراق بێجگە لە نەوت، وەك كشتوكاڵ، بیناكردن، ئاوەدانكردنەوە، گەشتوگوزارو ئەو خزمەتگوزارییانەی بە چڕی دەستی كار ناسراون.

٢ -پەیوەستكردنی لاوان بە كەرتی تایبەتەوە لەڕێگای جێبەجێكردنی پرۆژەكانی وەبەرهێنانی بچوك و مامناوەندو گەورەوە، لەبوارەكانی كشتوكاڵ و پیشەسازی و خزمەتگوزارییەكان.

٣ -كاركردن لە پێناو پشتگیری سەربەخۆبوونی ئەو دەزگایانەی تەعبیر لە ویستی بنیاتنەرانەی لاوانی بەهرەمەند دەكەن و، بەشداری پێكردنیان لە پرۆسەی دیموكراسیدا.

٤ -دابینكردنی پێشینەی ئاسان و شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو بۆ هاوسەرگیری لاوان و ساڵانە زیادكردنیان، بەپێی باری گوزەرانی گشتی وڵات.

٥ -نەهێشتنی قۆرخكردنی پۆستە باڵاكانی دەزگاكانی لاوان و وەرزش و زانستی و هونەری و ئەدەبی لەلایەن كەمینەیەكەوە.

منداڵان:

١ -گرنگیدان بە منداڵان و دابینكردنی چالاكیەكانی چاودێری منداڵان.

٢ -دابینكردنی دایەنگە لە شوێنی كاردا كە لەسەر بنەمای زانستی بنیات نرابێت.

٣ -كاراكردنی هەڵمەتی چاودێری گرفتەكانی گەشەكردن و پێشكەوتن.

٤ -كاركردن لەسەر پاراستنی منداڵان لە گرفتەكانی توندوتیژی خێزان و بریندارکردنی ڕەگەزی.

٥ -كاراكردنی یاساكانی قەدەغەكردنی كاركردنی منداڵان و دابینكردنی پشگیری پێویست بۆیان

٦ -بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری باوكان و دایكان بە هۆكارە زانستییەكانی پەروەردەكردنی منداڵەكانیان لە ڕێگای هاندانی دەزگا تایبەتمەندەكانیان لەو بوارەدا لە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و كەرتی تایبەت.

نۆزدەهەم/ گەشتوگوزارو كەلەپوری ڕۆشنبیری و شوێنەواریمان كانگایەكی لەبن نەهاتووە:

١ -پارێزگاری ناوچە شوێنەواری و كەلەپوریەكان.

٢ -بەرەوپێشبردنی شوێنەوارەكان و ناوچە گەشتیارییەكان و فراوانكردنی ڕۆڵیان.

٣ -ئاسانكردنی سەردانیكردنی گەشتیاران لە ناوخۆو دەرەوەی عێراقدا.

٤ -بەرزكردنەوەی توانای كرێكارانی دەزگاكانی گەشتوگوزار.

٥ -پاراستنی بیروباوەڕو نەریتە كۆمەڵایەتیە باڵاكان لە كاریگەری دەرەكی و لادانی ڕەوشتی لە شوێنە گەشتیاریەكاندا.

٦ -پشتیوانیكردنی ڕۆشنبیرانی بەتواناو پشتگیری دامودەزگا ڕۆشنبیرییە كاراكان لە بڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیری مرۆییدا.

بیستەم/ دامەزراندنی مەڵبەندی لێكۆڵینەوەو پسپۆڕی لە سەرجەم بوارەكاندا بۆ پشتگیری ڕەوتی گەشەپێدان و بنیاتنان:

١ -دامەزراندنی سندوقی چاودێری داهێنانكاران لە بوجەی گشتی وڵات.

٢ -پشتگیری و هاوكاری چالاكی لێكۆڵینەوە زانستییەكان و بەرزكردنەوەی توانای كاری مەڵبەندەكانی لێكۆڵینەوەو هەماهەنگی نێوانیان لەسەر ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی.

٣ -چاودێری و پارێزگاری پێویستی زانایان و لێكۆڵەرە عێراقییەكان لە ناوخۆو دەرەوەی عێراقداو دانانی سیاسەت و بەرنامەی هاندانی گەڕانەوەیان.

٤ -پەیەڕەوكردنی سیاسەتی گواستنەوەی تەكنۆلۆژیا بۆ ناو عێراق، بۆ بەرەوپێشبردنی بنەما زانستییە دروستەكان لەبوارەكانی زانست و لێكۆڵینەوەدا.

٥ -بنیاتنانی توانا نیشتیمانییەكان لە سیستەمە تازەكانی لێكۆڵینەوەو پەرەپێداندا، بەتایبەت لە كەرتەكانی خزمەتگوزاری و ئاسایش و بەرهەمهێنان و ژینگەدا.